# لةدووري تؤدا دةسوتيم و نامرم.. .. خالَة حةمة

لەو ڕۆژەوەی لەتۆ دوورم
لەمێرگی حەزێك ئەگەڕێم
دڵەی زیزم لەئامێزکا
پڕبێت لە پەپولەی باڵ شین
پڕبێت لە خەمی سەوزایی و
چەپکە خۆزگەی عەشقێکی پاك..
گڕو کڵپەی حەزێکی شێت.
لەو ڕۆژەوەی لە تۆ دوورم
لە مێرگی سۆزێك ئەگەڕێم
لەم غوربەتە سۆزم ژیرکا
دەستی نازی
بەسەر شان و ملما بێنێ
تەنیایی ژیان و ژوورەکەم لێبستێنێ
هەزار هێندەی
زەردهەڵگەڕانی ڕوخساری
ئەوڕۆژانەی
ویژدانی تیا هەڕاج دەکراو
گوڵەکان ناو دۆزەخی
کاکە (حەمە) یان سەردەبڕی
فراوان بێ
لێوانلێو بێت لە (خەنین) ی خەمە بەهاریەکان
لە (ماچی خودایی) (هێمن) و
لە گۆرانی و سروود بۆ ژیان
لەو خەونانەی بەسەر پشتی شەوەکاندا
ڕێچکە دەبەستن بۆ سبەینێ و
باوەش دەکەن بە ئاسماندا..
لەو ڕۆژەوەی لە تۆ دوورم
ڕۆحم نامۆیە بەجەستەم
بێ هەست وەکوو
کۆتەرەدارێك بسوتێ و
بە گڤەگڤ
زاخاو بکات بە پشکۆدا..
تووڕەم وەکوو
ئەو ڕوبارەی ماسیەکانی ژەهراوی بوون

بێتوانا وەك گوڵە جۆیەكی شكاوە

جۆگەیەكی لێوبەبارو شەقار، شەقار

بۆ قومێ ئاو

وەك مەلێكی لانە شێواو

كە نەتوانێت

لە ژێر سێبەری گوڵێكدا

چینەبكاو پڕ بەسینەی بجریوێنێ

لەو ڕۆژەوەی لە تۆ دورم

لەخۆم دوورم

لەڕۆح دوورم

لەڕۆح دوورم..

خاڵەحەمە/2005/1

تێبینی

——

1) (گوڵەكانی ناو دۆزەخ) نازناوی كتێبێكی شیعری (حەمەی حەمە باقی) یە.

2) (خەنین) پێكەنین.. خەندە.

3) (ماچی خودایی) نازناوی شیعرێكی (هێمن موكریانی) یە.